# مەرگ وژیان، بەسەرهاتی خانەوادەیەکی گوندی سێدەر



**سێوە حەسەن:**

کە تەسکەرەکانیان بۆهێنابینەوە زۆر، سەریان لەوە سوڕ مابوو کەئێمە ماوین ..!



**تەیفور :** قسەناکەم چ سودێکی ماوە



**غەفور:** لەدادگا، بەسەدامم گوت: ئەو قەفەسەی دادگات پیرۆزت بێت .

بابەت : بەدواداچوون

شوێن : پیرەمەگرون

رۆژی ٢٨ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٨

عومەر محەمەد

**لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکردو هێرشکرایە سەر ناوچەی دۆڵی جافایەتی. ئەوە یەکەمین قۆناغی پەلاماری ئەنفال بوو، کە سەرکردایەتی و هێزی جەنگاوەری یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کردە ئامانج، ئەگەرچی پێشمەرگە ٤٠ شەورۆژ بەدرێژایی ٧٠ کم بەرگریی ئەفسانەییان کرد، بەڵام سوپای عێراق بە زەبری هێزو چەکی ستراتیژی وکیمیایی هێزی یەکێتی شکاندو ناچاری کردن پاشەکشە بکەن، پەلامارەکە تەنها بۆسەر هێزی پێشمەرگە نەبوو بەڵکو خەڵکی ناوچەکەشی کردە ئامانج و لەماڵەکانیان دەریپەڕاندن و لە زێدی خۆیان هەڵیکەندن، ئەوانەی ڕزگاریان بوو بە دۆڵی بەفرگرتووی شامحمەدا ڕۆیشتن و ئەوانەی ڕزگاریان نەبوو یان کەوتنە دەست هێزە پەلاماردەرەکەی ئەنفال یان لە بەفردا رەقبوونەوە و یان لە ئاوارەییدا بەنەخۆشی مردن، نزیکەی (70) کەسیش ئاوی چەمەکان بردنی و هەندێکیان تەرمەکانیشیان نەدۆزرانەوە . هەرلەو پەلامارەدا ١٢٠ کەس لە چیای بەفرگرتووی شاخی کوڕکوڕ لەپشتی کانی توو کەوتنە بن هەرەسی بەفریان لەسەرمادا رەقبوونەوەو زۆریان تەرمەکانیان نەدۆزرایەوە، هەندێکیش دوای ئەوەی لە ئێران گەرانەوە گیران وئەنفالکران وجارێکی تر نەبینرانەوە.**

ئێوارەیەکی درەنگ وەختی رۆژی ٢٨ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٨ گەیشتمە پیرەمەگرون، بەمەبەستی چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی لەگەڵ خانەوادەیەکی گوندی سێدەر کە بیستبووم چیرۆکی تایبەتیان لە پەلاماری ئەنفالدا هەیە، ئەوە ماڵی غەفور سێدەری بوو، غەفور و ئایشێ هاوسەرگیرییان کردبوو، بەڵام هێشتا سێوەو تەیفور هەرلەگەڵ غەفوری بریاندا دەژیان .

حیکایەتی ئەم خانەوادەیەی گوندی سێدەر کە ئێستا لەئۆردوگای پیرەمەگرون نیشتەجێن، یەکێکە لەبەسەرهاتە غەریبەکانی ناوتاوانە گەورەکەی ئەنفال، ئەم خانەوادەیە لەکاتی پەلاماری قۆناغی ئەنفالی یەکەمدا کە دۆڵی جافایەتی و شارباژێرو حەوزەی ماوەت و مەرگەو ئاوەژێ و کانی تووی هەتا رانیە گرتەوە، ئەم خانەوادەیەی دەرەنگانێک بوومە میوانیان پێش ئەنفال لەگوندی سێدەری دۆڵی جافایەتی ژیاون، خەڵکی گوندی سێدەریش وەکو هەرگوندنشێنێکی تر بەکاروباری خۆیانەوە خەریک بوون، بەزۆری سەرقاڵی ڕەزوباخو ئاژەڵداری بوونو داهاتێکی کەم و ژیانێکی هەژارانەیان هەبووەو بەشێوەیەکی سادەو هاکەزایی ژیاون، بەڵام بەعس ئەم ژیانە سادەیەشی شێواندنو خەڵکێکی زۆری بەرپەلامارەکانی ئەنفال کەوتنو ئەوانەشی هەڵاتبوون هەرچۆنێک بووە خۆیان گەیاندبووە وڵاتی ئێرانو بەپروپاگەندەی هەڵخەڵەتێنەرانەی لێبوردنی گشتی گەڕابوونەوە، لەزەبری بەعس بەدەرنەبوونو زۆربەیان گیراونو بەرەو کەمپەکانی تۆپزاواو نوگرە سەلمانو دبس رەوانە کراون، لەوێ هەندێکیان لەبرسا مردنو هەندێکیان کۆمەڵکوژکرانو کەمینەیەکی زۆرکەمیشیان لە پیروپەککەوتەکان گەرانەوەو بەدەم نەبوونیو هەژاریەوە ماڵئاواییان لەژیان کردووە. بەڵام خەڵکی گوندی سێدەر نەگەیشتنە سەرسنورەکانی ئێران، هەروا کەمێک لەگوندەکەیان دورکەوتبوونەوە کە بەوتی وتی و دەنگوباسی خۆش وبوونی لێبوردن بەپێی خۆیان چوون خۆیان رادەستی هێزێکی سوپاکرد، بەڵام تسلیم بوون گیانی نەپاراستن و نزیکەی ٨٠ کەسیان لەگۆرێکی بەکۆمەڵدا لەناوچەی حەزەری پارێزگای موصڵ دۆزرانەوە، یەکێک لەوان دایک وهەواروکەوسەری خوشکی سێوەو تەیفوروغەفورو ئایشێ بوو.



## دۆزینەوەی تەسکەرەکان وشۆکی پاڵاس

دوای ئەوەی بەزەبری رۆکێت وفرۆکەو هێزەکانی هاوپەیمانان ڕژێمی صدام حسین روخا، ئیدی هەروا بەرەبەرە سەرکردەو یاوەرەکانی صدام و بەعسیە پلەباڵاکانیش

دەگیران، لەدوای حکومەتی کاتی عێراق حکومەتی هەمیشەیی دەوڵەتی عێراقیش دامەزراو دەستوری عێراقی نوێ پەسەندکرا، دواتریش بەیاسای ژمارە ١٠ یاسای دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق

دەرچوو، هەر زوو بەهاوكاری ڕێكخراوی ئیندایت دەستكرا بەڵیكۆڵینەوەی دۆسێی تاوانەگەورەكان و ئەمریكیەكان دەستبەكار بوون، ساڵی ٢٠٠٤ چەندین گۆڕی بەكۆمەڵ وەك بەڵگە لەسەر تاوانەكانی سەدام هەڵدرانەوەو شایەتحاڵ ئامادەكران و ئیدی لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٦ دادگاكە دەستی كرد بە دادگایی كردنی تۆمەتبارانی تاوانی ئەنفال، ئەوكاتە بۆئەوەی بەڵگەی بەهێز لەسەر تاوانەكانی دەسەڵاتداریێتی بەعس كۆبكەنەوە، یەكێك لەپێداویستیەكانی بەڵگەی تاوان گۆڕی بەكۆمەڵ بوو، بۆ ئەو مەبەستە دووگۆڕی بەكۆمەڵ لەپارێزگای موصلو دووانیش لە پارێزگای سەماوە هەڵدرانەوە كە هەموو قوربانیەكانیان خەڵكی مەدەنی و گوندنشینەكانی كوردستان بوون كە لە پەلامارەكانی ئەنفالدا گیرابوون و بەتۆمەتی خیانەتكاری نیشتمانی بەدەستی تیمەكانی گوللەبارانكردن كە عەلی حەسەن مەجید سەرپەرشتی دەكردن، بەكۆمەڵكوژرابوون. لەنێوان ئەو گۆڕانەی هەڵدرابوونەوە زۆربەیان ژن ومنداڵ بوون، ئەوانەی لەگۆڕی بەكۆمەڵی سەماوە دۆزرانەوە بەزۆری خەڵكی گەرمیان و بەتایبەتی خەڵكی گوندی حەیدەرە سور بوون، لەوانە ژن ومنداڵەكانی پیاوێك بەناوی كەریم حوسێن و چەند كەسێكیشیان خزمی مەلارەحیمی سەرقەڵابوون، بەڵام ئەوانەی لە ناوچەی حەزەری پارێزگای موصلیش دۆزرانەوە بەزۆری خەڵكی دۆڵی جافایەتی و بەتایبەتیش خەڵكی گوندی سێدەر و سێكانیان بوون، لەناویاندا دایك وكچەكانی ئەم خانەوادەیە بوون كەمن ئێوارە خوانێكم لەگەڵداكردن .

چیرۆكی تراژیدی ئەم خانەوادەیە پێدەچێت زۆر بەئازارتر بێت لەوەی خۆیان بۆ كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی باس دەكەن و بۆ دۆست وناسیاوەكانیانی دەگێرنەوە، لەسیمای هەریەكێكیاندا دیارە قسەیەی نەوتراویان زۆرەو كەس وەك پێویست كاتی پێنەبەخشیون وكەس هێندە گوێی بۆشل نەكردوون ئەوان قسەی دڵی خۆیانی بۆبكەن، ماڵوێرانی و مەینەتی ئەوان لە كۆتایی مانگی شوبات و سەرەتای مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ ەوە دەست پێدەكات، لەیەكەم پەلاماری ئەنفالی بۆسەر بارەگاكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە دۆڵی جافایەتیەوە ئیدی ئەوان هیلانەیان لێ تێكچوو بەلای كەمەوە ئیدی نائارامی وترس ودڵەراوكێ یەخەی گرتن، شكستی پێشمەرگە لەدۆڵی جافایەتی شكستی ئەمانیشی بەدواداهات، باجی ئەوخەڵكە زۆر لەباجی ئەوكەسانە قورستربوو كە بەچەكەكانی دەستیانەوە بەرەنگاری سوپاوجاشیان دەكردو ماوەی ٤٠ شەو لەگەڵ هێزە پەلاماردەرەكەی ئەنفالی یەكدا جەنگان، بەعسیەكان رقی شكستی ئەوماوەیەی شەریان بەو خەڵكە مەدەنیە رشت، خانەوادەی حەسەن رەسوڵ سێدەری یەكێك بوون لەو خانەوادانەی بوونە قوربانی ئەو ڕقەی بەعسیەكان، حەسەن ساڵێك پێش ئەم پەلامارە لەچیا مردبوو، فاتمەی هاوسەری و كوروكچەكانی بەبێ هاوسەرو باوك مابوونەوە، كە پێدەچوو لەم تەنگانەیەدا زۆر پیویستیان پیی بوو، بەڵام لەگەڵ مردن وقەدەر چ ناكرێ ئەوان ئاوارە بوون و خانووەكەیان

لەگەڵ زەوی تەختکرا، هەرچی هەیانبوو بەتالانبراو و رەزوباخیان بەبێ خاوەن مایەوە، ئایشی وسێوەو تەیفور بەلایەکدا و دایکیان بەناوی فاتمەو کەوسەروهەواری کچیشی بەلایەکدا، ئەوان هەرئەوجارەبوو ئیدی لێکدابران و جارێکی تر یەکتریان نەبینیوە، ئەوان باجی خۆیاندا و سێکەسیان ئەنفال قوتیدان و بێ سۆراخ مانەوە لەدوای روخانی رژێمی بەعس بەدیاریکراوی هێزێکی سوپای هاوپەیمانان، کە بۆ چەکی کۆکوژدەگەران شوێنێکی گوماناویان هەڵدابووەوە، بەڵام کاتێک زانیان گۆڕی بەکۆمەڵە دایانپۆشیبووەوەو دادگای باڵای تاوانەکانیان لێ ئاگادارکردبووەوە، دادگاش تیمیکی گۆرهەڵدانەوەی ناردە شوێنەکەو سەرلەنوێ بەشێوەیەکی زانستی گۆرەکەیان هەڵدایەوە.

لەدوای هەڵدانەوەی گۆرەبەکۆمەڵەکەی حەزەرەوە نهێنی ونبوونی خەڵکە ئەنفالکراوەکەی کوردستان دەرکەوت.

## سەرەداوی دۆزینەوە :

لەمانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٤ دا یەکەیەکی ئەندازیاری سەربازی (هەندسەی عەسکەری) ئەمەریکیو ( تیمی لێکولینەوەی تاوان) لەموسڵ چووبوون گۆرێکیان لەناوچەی حەزەر هەڵدابووەوە، کۆمەڵێک پێناسەی قوربانیەکانیان دەرهێنابوو، کەدواتردادگا دادەمەزرێو هەویەکان دەکەونە دەست نوسینگەی دائیرەی (حقوق الانسانو العدالە الانتقالیە) واتە ( گواستنەوەی داد بۆ مافەکانی مرۆڤ) لە بەغداد ( Human Rights and Transitional Justice) دوای ئەوەی پێناسەکان دەگەنە ئەم دائیرەیە ئینجا دەگەرێن بەدوای کەسوکاری قوربانیەکانداو چوبوون لەبنگرد سۆراخی کەسوکاری قوربانیەکانیان کردبوو، بەڵام ئەوەی بووبووە مایەی سەرسورمانی لێکۆڵەرەوەکان کەیەکێک لەوان کاک کامەران سابیر بوو، روبەرووی مەسەلەیەکی نامۆ ببونەوە کە بینیبویان خاوەنی یەکێک لەو پێناسەیەی لە گۆرەکەدا دۆزراوەتەوە (ئایشە) بەزیندوویی لەلایان دانیشتووە، بەم شێوەیە جگەلەسێوەو ئایشەو تەیفور کەسوکاری ئەوانی تریشیان دۆزییەوە.

تەیفوروسێوەوئایشە، (هویة الاحوال الشخصیة) پێناسەی باری کەسێتیەکانیان لەگۆرەکانی حەزەردا دۆزرانەوە، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا خۆیان ماونو لەئۆردوگای پیرەمەگرون دەژین.



من بۆ بەدوادا چوونی ئەم بەسەرهاتەی ئەندامانی ئەم خانەوادەیە چومەماڵیان، ئەوان سەرباری ئەو شۆکەش هێشتا بەئازایەتی و بەخوڵقوخۆیەکی گەرمەوە پێشوازی لەمیوانەکانیان دەکەن بەداخەوە ئایشێ لەوێ نەبوو، بەڵام چاوم بە غەفورو تەیفورو سێوە کەوت.

قسه بەچ دەچی وچ سودێکی هەیە ئەمە قسەی تەیفور بوو، پێدەچوو ئەو نیگەران بێت لەو پەراوێزخستنەی کەسوکاری ئەنفالکراوان، بەتایبەتیش دادگایی نەکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال بەگشتی وجاشەکان بەتایبەتی هەرچەندە ویستمانوهەوڵماندا تەیفور بدوێنین، بەڵام هیچ قسەی بۆنەکردینو لەوەڵامدا ووتی : بەچی دەچێت قسەی چی بکەم؟ خۆ کەس رێز لەئەنفال ناگرێ دەنا ئەوەی بەسەر ئێمە هاتووە، هەمو کەس دەیزانێت، ئینجا بۆچی قسەبکەین. کە زانیم لەوەزیاتر ناڵێت من هەردەبوو رێز لەویستی ئەوبگرم ودەستبەرداری بم، بەڵام هەریەک لەسێوەو غەفور کە ئەوانی دی وەک رێزلێنانێک لەبری ناوی خۆی بەکاکە بانگیان دەکرد، قسەیان بۆکردم لەریکۆردەرەکەمدا تۆمارکرد.

غەفور کوڕی گەورەی خانەوادەکەی گوندی سێدەرە کە سێوەو تەیفور وەک رێزلێنانێک بەکاکە بانگیان دەکرد، ئەو یەکێکە لەنوێنەرانی لیژنەی باڵای ئەنفالکراوەکانی دۆڵی جافایەتی کەسێکی چالاکەو هەمیشە ئامادەیە بۆهاوکاری هەرکەسێک کە دەیەوێت لەودۆسیێیە بکۆڵێتەوە یان کارێک بکات. ئەگەرچی دەبوو سێوە یان ئایشێ بچنە دادگای باڵای تاوانەکان بۆشایەتی دان لەمەر دۆسیێی ئەنفال چونکە هەردوکیان پێناسەکانیان لەگۆرەبەکۆمەڵەکەی حەزەر دۆزرابوونەوەو خۆیان لەژیاندامابوون، بەڵام وەک سێوە گوتی ئێمە پێمانباش بوو کاکم لەبری ئێمە بچێت بۆ بەغدایەو لەدژی سەدام وعەلی حەسەن مەجید لەبری ئێمە قسان بکات.



سێوەحەسەن عەبدوڵا لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٢ واتا ئەوسا تەمەنی تەنها شەش ساڵ بووە، لە روخساریدا هەزاران پرسیاری خەم و ناداد پەروەری ژیان و ژن و قەدەری مێینە بوون لەکۆمەڵگایەکی داخراوی دوای جینۆساید دەخوێنیتەوە، ئەوە بەجۆرێک لەچکەکەی لەسەری شەتەکدابوو، کە هێندەی گوزارشتی لەخەم وناسۆرەکانی ئەنفال دەکرد سەدهێندە خۆزگەبوون بۆژیانی ئەوسای گوند کە هەتارادەیەکی زۆر کراوەتر بوو لە ژیانی ناو ئۆردوگا زۆرەملێکان .

سەرەتا سێوە ووتی: ئەوکاتەی لەدایکمان دابڕاین زۆر ناخۆش بوو، رۆژێک بوو کەس فریای کەس نەدەکەوت، لە هەمووﻻیەکەوە تۆپباران بوو، هەبوو لەکونە ئەشکەوتاندا بوو، هەبوو لەناودێی بوو، ئەو کاتە سێدەر وەکو چۆڵ چۆڵ ببوو،خەڵک چووبونە ئەشکەوتان،

ئێمەلێک دابراین، داکم رۆیی ئەو لەگەڵ دوخوشکم بوون، ئێمەش لەگەڵ ماڵی خاڵمو کاکم بووین، بەڵان تەسکەرەکانمان لەلای داکم بوون، چونکە بابم نەمابوو ساڵێک پێش ئەنفال لە بەفریدا ڕەق ببووە و کۆچی دوایی کردبوو، کە کاک کامەران و ئەوان تەسکەرەکانیان بۆهێنایەنەوە زۆر سەریان سورمابوو..! بەتایبەتی کە گوتم: ئەوەتا ئێمە ماوین ! وتی چۆن ؟ وتم چاک لەبەرئەوەی کەدایکم رۆیشتووەو ئەنفالکراوە تەسکەرەکانمان لەگیرفانی داکمدا بوون، ئەوتەسکەرەی هەموومانی لەلای خۆی هەڵگرتبوو دەبوایە ئەوپارەو ئەوشتانە لەلا (سەری گەورە) بونایە لەبەرئەوەی بابمان نەمابوو دایکمان ببووە سەرپەرشتیارو سەرگەورەی ماڵ، بۆیە تەسکەرەکانمان لەگیرفانی ئەودابوون.

بەرلەوەی قسە لەسەر ئەنفال بکات، لەبارەی مردنی باوکیانەوە قسەی دامەزراند کاک غەفورسێدەری ووتی با لەسەرەتاوە ئەوەت پێبڵێم باوکمان موالیدی ١٩٤٣ بوو، بەڵام ئەو ئەنفال نەکراوە بەڵکو لە ١٢/٢٦/ ١٩٨٧ کۆچی دوایی کردووە، لەبەفرێدا رەقبووەوە دوسێ رۆژان هەر لەناو بەرفردا بوو،ئەگەر کاک مەغدید نەبوایە رەنگە هەرسەگو گورگ بیانخواردایە،ئەویش بەکارەساتێک مرد لەقەرەسرد چووەتە خواریّو لەبەفردا رەقبووەتەوە،کەچی هێشتا بۆ ئەویش هیچمان بۆنەکراوە،حەزدەکەی برۆ پرسیار بکە ئەوە کاک مەغدیدی دۆڵمازەڵیّ برۆلێی بپرسە، کە باوکمان بۆچی و چۆن مردووە، سەبارەت بە تاوانی ئەنفالیش ئەوە داکم بەناوی فاتمە و دوو خوشکم بەناوی هەواروکەوسەر ئەنفال بوونو لەگۆری بەکۆمەڵدا لە ناوچەی حەزەری لەپارێزگای موصڵ دۆزرانەوە. ئەوانە لەماڵی خۆمان، بەڵام خزمو ئامۆزاشم هەبوون کە لە نوگرە سەلمان زیندان بوون و دوای لێبوردن بەربوون و گەرانەوە، بەداخەوە ئێستا هەموویان وەفاتیان کردووەو هەرکاک تەها ماوە، ئەوانەی لەنوگرەسەلمان هاتنەوە داکمو ئەوانیان دیبوو، بەڵام گوتیان لە تۆپزاوایە لێک جیاکراونەتەوە، هەتا داکم هەر لەچوارقورنەیەوە جوتێک گوارەی خۆیو دوو هەزار دیناری سویسری پێبوو بۆی ناردبووینەوە بە(ئایشێی مام سالح) یدا، بەڵام ئێمە بەوەمان نەمانزانی بوو هەتا لەنوگرەسەلمان خزمەکانمان هاتنەوە وتیان: ئەریّ داکت ئەو پارەو گوارانەی بۆی ناردبوونەوە بەدەستان نەگەیشتووەتەوە؟ ووتمان پارەی چی نابەخوای نەمان دیووە، ئینجا زانیمان دایکم پارەی بۆناردبووینەوە.

ئیتر سۆراغیان نەبوو هەتاکو لەساڵی ٢٠٠٤ کاک (کامەران) تەسکەرەکانیان بۆ هێنایەنەوە، ئێمە شەش تەسکەرەمان بۆهاتنەوە،ماڵی مام عەبدواللەش ٤ تەسکەرەیان هاتنەوە،محمود حەمە عەزیز ئەوانیش (٤)یان هاتنەوە، لەپێشەوە کە بانگیانکردین زۆر بەروردی چوونە ناوباسەکەوە، دوایی راستیەکانیان پێگوتین، لەپێشەوە دەیانویست ئەوەی بزانن ئێمە هەوین هەونین،ووتیان: کێتان ئەنفالە؟ من ووتم: داکم ئەنفالە خوشکم ئەنفالە خزمم ئەنفالە، بەهەرحاڵ دوایی وتیان: ئەم تەسکەرانە دەناسن ؟ شەش هویە بوون هی

داكمیان تێدابوو، هی كەوسەری خوشكمیان تێدابوو، هی بابمیان تێدابوو، بابم ئەوە زوو مردبوو، بەڵام تەسكەرەكەی هەرلەگیرفانی داكمدا بوو، ئینجا تەسكەرەی ئایشێو تەیفورو سێوەی تێدابوو، (ئەوان ماون) بەڵام كەوسەرو هەوار ئەوە لەگەڵ دایكم تەرمەكانیان لەگۆڕەكەدابوون ئەوان شەهید بوون. كەوسەر موالیدی ٧٦ بوو بەڵام هەوار منداڵ بوو موالیدی ٨٧ بوو. سێ مانگبوو كە بابم مردووە، ئیتر كە ناسیماننەوە لێمان پرسین : ئەمە لەكوێتان بوون؟ وتیان بەداخەوە ئەم تەسكەرانەی ئێوە لە گۆڕێكی بەكۆمەڵدا ئەوان گوتیان مەقبەرەی جەماعی لەحەزەر لای موصڵ دۆزراونەتەوە.

هەرچەندە من لە ساڵی ٢٠٠٣ هیچ ئومێدێكم بەوە نەمابوو لەژیاندامابن، بەڵام ئەوكاتەی پێیان گوتین زۆر ناخۆش بوو، ئایشێی خوشكم لەگەڵدا بوو، ئەو هەر خۆی پێرانەگیراوحاڵی زۆر خراپ بوو، بەڵام من باشتر بووم دەبوایە غیرەت بدەمەوە بەر ئەوان، ئەمریكیەكیان لەگەڵدابوو لەپێشەوە لەمەسەلەكە تێنەگەیشتبوو، كە هەندێك لەوانە زیندوون حاڵێكی ناخۆش بوو.



غەفور یەكێك بوو لەشایەتحاڵو شكاتكەرەكانی دۆڵی جافەیاتی لەدۆسێی ئەنفال، لەبارەی شایەتی دانەكەیەوە دەڵێت: چونم بۆ بەغدا خۆشیش بوو ناخۆشیش بوو، خۆش بوو وەكو تۆڵە سەندنەوەیەك وابوو، ناخۆش بوو لەبەرئەوەی خوشكو دایكم لەو بیابانەی عەرەبستان بەبێ كفنو بەبێنازی ژێرخۆڵدراون، كە چومە هۆڵی دادگاوە، نازانم تۆ لەتەلەفزیون بینیت یان نا؟ صدام ماوەیەكی زۆر هەرتەماشای ناوچاوی دەكردم ئەو دەیویست بەو تەماشاكردنە بمترسێنێ و سەرم پێشۆڕ بكات، بەڵام من سەرم پێشۆڕكرد، من خاوەنی قەزیە بووم، صدام هەستا ووتی : تۆ موالیدی ٧٧ی تەمەنت یانزە ساڵ بووە چۆن ئەوەت بەبیردێت؟ من بەر بەرپەرچمدایەوە، عەلی حەسەن مەجید ووتی : باشە رەبایەكان بۆچی تەقەیان لەگوندەكەتان دەكرد؟ ووتم لەبەرئەوەی پێشمەرگە بەلای گوندەكەشماندا رەت بوایە ئەوان ژنو منداڵیان دەدایە بەرگوللە، ئەوە تۆدەزانی بۆچی تەقەیان لێدەكردین؟ دەنا ئێمە تاوانمان چی بوو؟ سوڵتان هاشم ووتی: بارەگا لەگوندەكەتان نەبوو؟ ووتم نەخێر، لەراستیشدا هەروا

بوو سێدەر گوندێکی لاچەپو دورەدەستبوو هیچ بارەگایەکی پێشمەرگەی تێدا نەبوو، کەچی بەردەوام قەسفی تۆپو تەیارەمان لەسەر بوو، خۆکاکە ئێمە لەم دواییانەدا هەر لەکونە ئەشکەوتاندا بووین خەووخۆراکمان نەمابوو.

غەفورحەسەن دوای ئەوەی قسەکانی لەمەر دادگاکەوە تەواوکرد،ووتی: سەربارى ئەو قوربانیە زۆرەش ئەوە حاڵەکەمانە کە دەیبینی گوندی سێدەر هیچ خزمەت گوزاریەکی تێدانیە، نە جادەو نەخەستەخانە، نەمەکتەب هیچ هیچی بۆنەکراوە، لێرەش لە پیرەمەگرونیش ئەنفالی دۆڵی جافایەتی لەهەمووان مەغدورترن، بۆنمونە ٦٠٠ خانو بۆ چەمچەماڵ دەرچووە با ١٠٠ یان بۆ ئێرەو ئەنفالی ئەم ناوچەیە بوایە؟! من ناڵێم حکومەت هیچی نەکردووە، کردویەتی بەڵام لە ئاستی پێداویستی قوربانیەکانماندانیە. ئەوە کەی حاڵە ئێمەی تێداین ؟ زۆر بەداخەوە زۆر بەداخەوە، ئەوانەی ئێمەیان بەو دەردە برد ئێستا ئەوانە پلەو پایەیان هەیە، هەر هیچ نەبێت وەکو هیچ بۆ ئێمە ناکەن بائەوانە کاربەدەست نەبن؟ باشە بۆچی ئێمە ئەنفالکراین؟ هەر لەبەرئەوە نەبوو کە کورد بووین؟ ئەی ئەوانە لەو رۆژانەدا هاوکاری ئەو ڕژێمە نەبوون؟ بۆیە باشترین کارکردن بۆ ئێمە لەپێشەوە دادگایی کردنی ئەو تاوانبارانەیە،راکێشرێنە بەردەمی دادگا، خۆ هەموو دنیام بدەنێ نینۆکێکی هەواری خوشکم ناهێنێ، هەموو دنیام بدەنێ قەرەبووی داکم ناداتەوە، بەڵام کەسوڵتان هاشمو عەلی حەسەن مەجید ئیعدام بکرێن ئێمە سەبوریەکمان دێت.

ئەگەرچی غەفور بۆخۆی ئەندامی کارای ڕێکخراویکە بۆ دۆزی جینۆساید بەڵام گلەیی لێیان هەیەو داوا لەرێکخراوەکان دەکات و دەڵێت : با گوشاری حزبیان لەسەر نەبێ و بەواقعی بچنە بواری کارکردنەوە، بەحەقیقەت بۆ شتێک هەوڵبدەن پەیوەندی بەژیانی خەڵکەوە هەبێت، بەسەراحەت هەندێک کەسیان هەیە قسەی وادەکات کە واز لە موستەشارەکان بێنینو شکاتیان لێنەکرێو نەدرێن بەدادگا، هەموومان دەزانین دەستیان هەبووە لەئەنفالدا، ئێستا وەرە ماڵی ئەنفالکراوت پیشان دەدەم، کە پێمبڵێ مسئولەکان دۆێنێ چیان هەبوو لە شاخ؟ ئەوان پێویستیان بەوە بوو جگەرەیەکیان بۆ بکرێت، ئێستا بەشەشوحەوت قایل نابن، ئەو رێکخراوانە با گوشار بخەنە سەرحکومەت،ئاورێک لەوگوندانە بدەنەوە کە ئەنفال کراون ئەو کاتە ژێرخانی ئابووریش دەبوژێتەوە. غەفور درێژەی بەقسەکانیداو ووتی من نوێنەری ئەنفالکراوەکانی دۆڵی جافایەتیم، لەم ماوەیەشدا فیدراسیۆنێکمان پێکهێناوە، وەکو نوێنەری ئەنفالەکانی ئەم ناوچەیە پێت دەڵێم: هەموویان وەزعیان زۆرخراپە، بەڵام من ئێستا ژمارەیەکم لەبەردەستدا نیە بتدەمێ، هەیانە زۆر زۆر وەزعی خراپە، ماڵ هەیە شەش کەسی ئەنفالکراوە، کابرا تووشی شەلەل بوە و لەسەر جێگایەو ژنەکەشیان لێ سەندوەتەوە، ئێمە چووین سەردانمان کردوە، جەنابی وەزیر ئاگاداری وەزعەکەیەتی ( حەمەدەمین حمەشریف) ئەوە حاڵەکەیەتی کەبۆم باس کردی، ئێستا لەسەر جێگەیەو

لەگوندی سێدەر دەژی، خالد حمه عزیز شەش کەسیان ئەنفالەو خۆی بە تەنها لەوخێزانەدا دەرچووە، ئەوانەی تریان هەرهەموویان ئەنفالکراون. ماڵی ( بێستون حسن ) وەزعیان زۆر خراپە، خۆی خوێنکاری زانکۆیە، هەموو منداڵەکانیان دەخوێنن وخوێندکارن، زۆر جار باسی ئەم گرفتانەم کردوە.

ئێمە ئامانجێکی تریشمان هەیە، زۆر کەس وادەزانن ئەنفالی یەک قوربانیان نیە، بەپێچەوانەوە تەنها گوندی سێدەر ( ٨٥ ) ئەنفالکراوی هەیە، ڕاستە هەموویان لە جێگەکەی خۆیان نەگیراون، زۆریان لە ئێران گەڕاونەتەوەو بەلێبوردنی گشتی هاتوونەتەوەو دوایی ئەنفالکراون، کەچی هەتا ئێستا دۆڵی جافایەتی یەک شتی بۆنەکراوە، هەرهیچ هیچی بۆ نەکراوە، هەر ئەوەندە بەناوچەکەدا تێپەڕبیت و پیادابڕۆ دەزانی هیچی بۆ نەکراوە نەڕێگا نەخانوو، نەئاو، هیچ ، هیچ. کەچێ خەڵک هەیە دەڵێت ئەنفالی یەکەم خەڵکی زۆر ئەنفال نەکراوە ![1]) بەڵام من دەزانم ( ٢٢٩ ) زەوی بۆ ئەنفالی ئەم ناوچەیە دەرچووە، ڕاستە من بۆ خۆم ( ١١٣ ) ئەرزەم لەساڵی ( ٢٠٠٥–٢٠٠٦ ) بۆ وەرگرتن ئەو (٢٢٩) زەویەش دابەزیوە بۆ ئێرە، بەڵام هەمووی بۆ ئەنفالی سنوورەکە نیە، بەڵکو بۆ ئەنفالکراوەکانە لەشارەوانی پێرەمەگروون، هەیە خەڵکی دەربەندیخانە و لێرە زەوی بۆ دەرچووە، لەسەر ئەو ( ٢٢٩ ) زەویە. بەکاک ئاواتم ووت ئێمە (١٥) کەسمان هەیە پێشتر سوودمەند بوون، بەڵام زەوی ئەنفال ڕێگر نیە لەوە، هەتا خۆم ئەمەم بە وەزیریش گوت، ئەویش گووتی ڕێگرنیە، بەڵام کاک ئاوات لێرە زەوی ئەو (١٥) کەسەی ڕاگرتوە بە پاساوی ئەوەی کە گوایا سوودممەند بوون. ئیستا ( بەکرتەلانی ) ( ١٠– ١١ ) ئەنفالی هەیە، خۆی لەوەتەی هەیە هەر پێشمەرگەیە، زەوی پێشمەرگایەتی وەرگرتوە دەڵێ لەبەر ئەوەی سوودمەند بوە نایدەمێ!! یان سەرمۆردیان ( ١٥ ) کەسوکاری ئەنفالی هەیە بەو شێوەیە.. لە سنووری ئەم دۆڵەدا مەزڵووم زۆرە سێدەر (٨٥) کەسی ئەنفالکراوە تەلان (٤٦) و سەرمۆدرد ( ٢٥ ) کەسی هەیە سێکانیان ( ٢٠ ) و ئەوەندەی هەیە هەموو ژمارەکەیان نازانم.. ئەمە جگە لەزەرزی وگوندی کەلەباش. [2]

---

[1] ئەوە قسەیە ڕاست نیە بوترێت ئەنفالی قۆناغی یەکەم ئەنفالی نیە، بەڵام لەچاو ئەورێژەیەی لەگەرمیاندا ئەنفالکراوە ڕاستە یان لەچاو ئەنفالی قۆناغی چوارەم بۆنمونە تەنها لەگوندی جەلەمۆرد بەقەد هەموو ناوچەی دۆڵی جافایەتی خەڵک ئەنفالکراوە، ئەوگوندە ٤٧١ کەسیان ئەنفالکراوە بەڵام هەموو گوندەکانی دۆڵی جافایەتی ژمارەی ئەنفالکراوەکانیان دەگاتە ٥٠٠ کەس .

[2] هەندیک لەو گوندانە ناکەونە سنوری دۆڵی جافایەتیەوە، بۆنمونە گوندەکانی تەلان و زەرزی وکەلەباش، هەروەها کۆکە ئەوانە سەربەناحێی سورداشن ، بەڵام لە ناودۆڵی جافایەتیدا نین، لەراستیدا دۆڵی جافایەتی لەگەڵ شارباژێرو بەردەشان هاوسنورە نەک لەگەڵ تەلان وکەلەباش . تەنها پەیوەندیەک هەبێت ئەوەیە تەلان وکەلەباش سەربەعەشیرەتی جافن نەک دۆڵی جافایەتی، لەلایەکی تریشەوە ئەوگوندانەی خوارجادەی دوکان –سلێمانی دەکەونە ناوپرۆسەی ئەنفالی چوارەوە نەک ئەنفالی قۆناغی یەکەم .

تەیفور نایانەوێ قسە بکات بەڵام جارجار خۆی دەهاوێتەناو قسەکانمانەوە لێرەدا بەدەنگ هاتوو وتی: ئەوەی منی ئەنفال کردوە دەردی کاکم دەڵێ ( ٥-٦ ) خانووی راست کردوەتەوە ومنیش داکو خووشکم ئەنفالکراوەودەڵێ زەقەی چاوم دێت و گەر هیچیشم بۆ نەکرێ بۆچی قسان بکەم،دواتر براژنەکەشی هاتە سەر خەت وگوتی " تەیفور زۆر مەغدورە با ئەم قسەیەش بکەم ئەوەتا ئێخەیان گرتوین، ئەڵێ کچ حازرە پارەمان نیە ژنی بۆبهێنین" غفور قسەی هاوژینەکەی پشت ڕاست کردەوە و گوتی " بەسەراحەت ناتوانین ئیمکانیەتمان نیە ژنی بۆ بهێنین هەرئەو مووچەیەیە، ئێ سێوەیش قوتابیەو گەڕاوەتەوە بۆخوێندن .. سێوە ( ١٠ ) ساڵ لە خوێندن دابڕاوەو ئێستا گەراوەتەوە بەرخوێندن، لەبەرئەوەی کاتی خۆی لەئەنفالدا تەسکەرەکانیان ون بوونو کە هاتوونەتەوە بۆ پیرەمەگروون نیشتەجێ بوون.. نەیانوێراوە باسی بکەن بەڵکو لەوە ترساون کە ئەنفال بکرێن یان بەعس بیانگرێت".

دواتر غەفور ووتی: گەورەترین غەدر کە لە ئێمەی کەسوکاری ئەنفال کرابێ ئەوەیە کە تاوانبارانی ئەنفال دادگایی ناکەن حزبەکان دەست دەخەنە دادگاکەوەو ناهێڵن تاوانباران بەسزای خۆیان بگەن.

سێوە بەبێ ئەوەی مۆڵەت وەربگرێ هەڵیدایە و گوتی ئەرێوەڵا ئەوە غەدرێکە لە ئێمە دەکرێ، نازانم ئەو تاوانبارانە بوون بە چی؟ مەحکمە نەکراونو ئێستا هەموو عالەم دەزانێ کە تاوانبارن، نەجاتیان بدەن و بڕایەوە، بۆچی هەتا ئێستا خزمەتیان دەکەن؟ ئەنفالەکانی ئێمە بە دەستی ئەوان یەکسەر کوژران و ژێر خۆڵدران دە تۆ بیهێنە پێش چاوی خۆت ئەو هەمووە ئیعدام کران، کیمیاباران وئەنفال کران کەچی لە بری ئەوەی تاوانباران بەجاشە کوردەکانیشەوە محکمە بکەن، کەچی ئەوانەی محکمەش کراون هێشتویاننەوە.

سێوە قسەکانی کۆتایی پێهێناو ئینجا غفور دەستی کردەوە بەقسەو گوتی وا هەست دەکەم ئێستاش هەر ئەنفال دەکرێین ! بەسەراحەت ئەو هەستەم هەیە ئێمە کە لە ئێران گەرواینەوە لە پیرەمەگروون لەلای خزمەکانم نیشتەجێ بووین، ئەو کاتە نەمانتوانی داوای ئەرزە (زەوی نیشتەجێ بوون)بکەین لەبهرئەوەی دایکم و ئەوان ئەنفالکرابوونو باوکیشم مرد بوو داوای وەفاتنامەیان لێ دەکردین ئێمەش نەماندەوێرا بیانمرێنین لەبەرئەوەی دەمانگوت رەنگە بەربین، ئاخر هەربەراست چۆن بیانمرێنین؟ لەبەرئەوە هەرئەو کاتەش ئەرزەمان وەرنەگرت کە راپەڕینیش بوو هێشتا حکومەتی هەرێم درووستنەببوو، وامدەزانی ئەو ڕاپەڕینە تەنها بۆ منە، چاوەروانی بەربوونی داک و خوشکەکانم دەکرد، کە چووم بۆ کەرکوک بۆ شەڕ وامدەزانی داکم و خوشکەکانم و ئەنفالکراوەکان بەردەدەین. بەڵام نەک هەر وا نەبوو دوو بارە ئەنفال کراینەوە ! ئەوەتا کۆمەڵێک جاش و ئیستخبارات لەسەر تەختن و منیش دەبێ بچم تەشەبوزیان پێ بکەم، بڵێم بەقوربانت بم شتێکم بۆبکە... ئەمە سەراحەتە خەڵک هەیە (١٠) کەسی ئەنفالە و لە کونە تەویلەیدا دەژی و ئەوانیش خاوەنی هەموو

شتێکن، ئەمە کەی ڕەوایە!؟ حکومەت دەبێت ئەم ناعەدالەتیانە چاک بکات، قەرەبووی خەڵک بکاتەوەو ڕێز لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بگرێت.

## شۆکی پالاس

ئایشێ لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٣ی گوندی سێدەرە لە ناحێی بنگرد. چیرۆکی ئەم لەهی خوشک وبراکانی سەرنج راکێشترو بەئازارترە، ئەمیش لەگەڵ خوشک وبراکانی لە ئۆردوگای پیرەمەگرون سەری خۆیان کرزکردو بەبێدەنگی دانیشتن بەڵام لەهەموو کاروباریکی دەوڵەت و مافی هاوڵاتی بوون بێبەش بوون تەنانەت لە پێناسی باری کەسێتی بێبەش بوون، چونکە ماڵیان روخاولەدایکیان دابرابوون، خۆشیان بەبێ ناسنامە مابوونەوە، نەیاندەتوانی بچنە قوتابخانە، نەیاندەتوانی هیچ هەنگاوێک بنێن لەبەرئەوەی پێناسەیان پێنەبوو، نەیاندەتوانی بچن بۆ دائیرەی نفوس داوای دەرهێنانەوەی پێناسەکانیان بکەنەوە چونکە باوکیان نەمابوو، دایکیشیان ئەنفالکرابوو. دوو براو دووخوشک بێ کەس وبێ ناسنامە چاوەروانی قەدەر بوون، لەراپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ چاوەروان بوون، دەرگای زیندانەکان و ژێرزەمینەکان بکەنەوەو کەسوکاریان بەگەرێنەوە لایان وبەدیداریان شادببنەوە، بەڵام هەرگیز ئەوە روینەدا، تەنانەت دوای روخانی یەکجاری بەعسیش هەر پەیدانەبوونەوە بەڵکو ئەوەی بۆیان هاتەوە سۆراخێکی بەسوێ بوو .

لە پێشەوە باسمان لەیەکەم سەرەداوی دۆزینەوەی گۆرێکی بەکۆمەڵی پارێزگای موصڵ کرد، لەدوای ئەوە هێشتا شۆکی پالاس ماوە باسی بکەین بزانین ئەوشۆکە چی بوو ؟ دوای ئەوەی تیمەکە زانیاری و بەڵگەکانیان لەبارەی گۆرەکە وەرگرت و ئینجا بەراپۆرتێک دایانەوە بە دادگای باڵای تاوانەکان– دادگاش تیمێکی تری ڕەوانەی سلێمانی وبنگرد کرد بۆ ئەوەی کەسوکارەکانیان بدۆزنەوەو لەنزیکەوە بیان بینن و راستی نەمانی کەسوکاریشیان پێرابگەیەنن، پێیان بڵێت چیتر چاوەروانی کەسوکارتان مەبن چونکە دادگاکە دڵنیابووەتەوە کە نەماون، ئیتر پرسەیان بۆ دابنێن، لەم پرۆسەیەدا بوو کە شۆکی پالاس دروست بوو! تیمەکەی دادگا کەسوکارەکانیان دۆزینەوە، بەڵام کە بانگیانکردبوون بۆ سلیمانی پالاس لەسەنتەری شاری سلێمانی، دوای بەخێرهاتن ئینجا دەست بەقسەکردن کراو بەشێوەیەکی شایستە راستی نەمانی کەسوکارەکەیان پێگووتن و سەرەخۆشییان لێکردن.

هەڵبەتە تیمەکە ئامانجێکی تریشیان هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە وەک شایەتحاڵ ئامادەیان بکەن بۆدادگای باڵای تاوانەکان هەتا وەک عەینەیەک لە کوشتنی خەڵکی مەدەنی وەربگیرێن و شایەتی لەسەرتۆمەتبارانی ئەنفال بدەن. سەرئەنجام توانییان چەند کەسێک لەم خانەوادانەش ئامادە بکەن بۆئەوەی بچن بۆدادگای باڵای تاوانەکان پێشتر ئاماژەمان بۆکرد کە لەم خانەوادەیە غەفوری براگەورەکەیان چوو بۆبەغدا.

تیمەکە بۆئەوەی بەبەڵگەوە بۆیان بسەلمێنی کە کەسوکاریان نەماون دەبوو ئەو هویەو پێناسانە بخاتەڕوو کە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی حەزەر (1) و حەزر (2) دەریانهێنابوون، ئەوکاتەش پێناسەکانیان پێ بوو. کاتێک پێناسەی ئەوکەسانەیان دەرهێنابوو کەلە گۆرەکەدا بوون ئەوان ( وەک شەهید ناوەکانیان خوێندبوونەوە) لەگەڵ خوێندنەوەی سێ هەم شەهید شلەژانێک رویداو تیمەکە روبەرووی حاڵەتێکی نامۆ بوونەوە بەجۆرێک توشی شۆک بوون خەریکبوو لەهۆش خۆیان بچن ..!


ئەم شۆکە چی بوو ؟ چونکە (3) سێ کەس لەو خانەوادەیە کە پێناسەکانیان لە گۆرەکەی حەزردا دۆزرابوونەوە لەوکۆبوونەوەیەدا بە شەهید ناویان خوێندرایەوە خۆیان بە زیندوویی ئامادەبوون، یەکێک لەوانە ( ئایشێ) بوو کە لەوێ لە هۆش خۆی چوو بوو .

راستی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کەوا پێناسی ( تەیفوروسێوەو ئایشێ) لەگیرفانی دایکیان بووە.. دایکیشیان یەکێک بووە لەو تەرمانەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی حەزەر (1) چیرۆکی ئەو پێناسانە لە دادگاش بووە بەڵگەیەکی گرنگو سەر سورهێنەر.

بەڵام تاوانەکە بەوەندە ناوەستێ چونکە هێشتا خاڵیک ماوە قسەی لەسەربکەین .. خودی ئایشێو سێوەو وێنەکانیان مایەی لەسەر وەستانن .! وێنەکان پێمان دەڵێن ئەنفال هەر کۆمەڵکوژی نەخستەوە بەڵکو کاریگەریەکانی دوای ئەنفالیش هێشتا لەئارادان . پێماندەڵێن وریابن بە گیلانە گۆری بەکۆمەڵ هەلمەدەنەوەو بەگەکان مەشێوێنن، چونکە ئەوانە هەم بەڵگەیی یاسایی و هەم پابەندن بەژیان وچارەنوسی کەسەکانەوە، دەبێت گریمانەی زۆربکەین لەوەی پیناسەکان لەگیرفانی ئەم تەرم نەجوڵێن وبچنە سەرئەوی تر، دەبێت گریمانەی ئەوە بکەین هێشتا خاوەنی پێناسەکان زیندووبن ! وەک لەچیرۆکی ئەم خانەوادەیەی سێدەردا دەیبینین شەش کەسیان پێناسەکانیان لەگۆری بەکۆمەڵدایەو سێ تەرمیان هی ئەوانن و سێ کەسیان زیندوون ! لێرەدا هەڵوەستە لەسەر گریمانەیەک زۆر پێویستە، بۆنمونە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین ئایشێ یان سێوە، یاخود تەیفور لەپەلاماری ئەنفالدا ونبوون بەڵام زیندوون ! پێناسەکەشیان لەگۆڕێکی بەکۆمەڵدا دەمانباتە سەر ئەو ڕایەی کە مردوون و روفاتەکانیان لەو گۆڕەدایە ؟ لەوەها حاڵێکدا یان لەدوای ئەوە کە پەیدا دەبنەوە چۆن بتوانین ئەوە ساغ بکەینەوە ؟ باپرسیارەکە بەشێوەیەکی تر بکەین دۆسێی مەریم کەتەومۆژی خرایە سەرو هەندێک دەیانگوت هەلەبجەیی نیە ئەگەر هویەی مریەم لەگۆرەبەکۆمەڵەکەی هەڵبجەدا بوایە کێ قەناعەتی دەکرد ئەومندالەی کەدەڵێت من هەڵەبجەیم هەلەبجەیی بێت ؟!

**لە گۆڕینی وێنەوە بۆ گۆڕینی شوناس " تەعریب**

ئایشێ لەوێنەیەکدا دیارە بەرلە ئەنفال کچێکی گوندنشینەو لە ناوباخێکی گوندەکەیان لە





بناری چیایەکی سەرکەش بە رویەکی خۆشو گەشەوە دانیشتووەو بەجلی کوردیەوە دەردەکەوێ بە کراسی سپی و سوخمەی رەشەوە لەناو سروشتێکی دڵگیردا بە ئومێدەوە دەروانێتە ژیان (بڕوانە وێنەی ژمارە یەک ) بەڵام دوای ئەنفال هەموو شتێکی دەگۆڕێ ئایشێ چیتر چێژ لە ژیان نابینێ، چیتر پابەند نیە بەجلوبەرگی ئاڵ و سوخمەی ڕەشەوە، ئیدی ئەو تازیەبارەو هێندە زەمینەی بۆنەرەخساوە وەک ئینسانێکی ئاسایی بێتەوە ناوژیان و بەجلوبەرگ و کلتوری زێدی خۆیەوە پابەندنیە، بەڵکو لە جلوبەرگ و روخساریدا زیاتر بەژنێکی عەرەبی بە دوو دەچێت . لەبنەرەتەوە ئایشێ ئەمەی نەدەویست ئەو لەگوندەکەیاندا بەئومێدەوە سفرەو خوانی بۆ ئەو پێشمەرگانە دەرازاندەوە کە لەحکومەتێک دەجەنگان لەهەوڵی بەعەرەبکردنیاندا بوو، بەڵام ئێستا فەرماندەو سەرکردەکانی ئەو پێشمەرگانە لەخەم وژیان و پێداویستەیەکانی ناپرسنەوە، تەنانەت هەست بەبوونیان ناکەن، بۆیە دنیایەکیان خوڵقاندووە پڕپڕە لە نائومێدی و نامۆیی،نامۆیش هەموو شتێکت لێ زەوت دەکات و تەنیاییت پێدەبەخشێ لەژینگەیەکی ئاوا وێرانکاردایە کە هێزی تردێن ئەم زەمینەیە دەقۆزنەوەو فراوانتری دەکەن، و بەفۆرمێکی ترو بەناوێکی ترەوە خەریکی تەعریبی بیروجلوبەرگ وپەروەردەی هەزاران ژنی وەک ئایشێن، کەوایە ئەنفال لە هەزاران ڕەهەندەوە کاری خۆی کردووەتە سەر تاکو کۆمەلگای کوردی بێگومان ئایشێ تەنها وێنەی یەکێکیانە .

“